# Refugee Council
## help and advice

Kurdish (Sorani) July 2010

# داواکاریی بۆ نیشتەجێ بوون پاش بەسەرچوونی ماوەی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی پێنج ساڵە کە لە دوای ئابی 2005 ەوە دەرچووە

ئەگەر فەرمانگەی سنووری بەریتانیا (UK Border Agency - UKBA) بەهۆی پاراستنی مرۆڤدۆستانە یان وەکو پەنابەر مۆڵەتی نیشتەجێ بوون لە بەریتانیا بدات بە کەسێک، ماوەی سەرەتایی ئەم مۆڵەتە پێنج ساڵە. پەنابەران یان کەسانێ کە دەکەونە بەر پاراستنی مرۆڤدۆستانە پاش ئەم پێنج ساڵە دەتوانن داوای نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی بکەن. بە بارودۆخی هەمیشەیی **'مۆڵەتی مانەوەی هەتاسەر (indefinite leave to remain)'** یان نیشتەجێ بوونیش دەگوترێت. UKBA چەند هەفتەیەک پێش کۆتایی پێهاتنی مۆڵەتی کاتیی هەندێ نامە بۆ دوایین ناونیشانی تۆمارکراوی پەنابەران دەنێرێت تاکو پێیان رابگەیەنێت کە داخوا مەرجەکانی نیشتەجێ بوونی هەمیشەییان هەیە و دەتوانن داوای نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی بکەن یان نا. وێرای ئەوە UKBA نامە نانێرێت بۆ ئەو پەنابەرانەی کە دوایین ناونیشانی ئەوان ئەو خانوانە بووە کە لەلایەن حکومەتەوە دابینکراون.

### چ کاتێک دەبێت داواکاری خۆم پێشکەش بکەم؟

ئەگەر لە 30 ئابی 2005 یان پاش ئەوە مۆڵەتی کاتیتان وەرگرتووە **شتێکی گرنگە کە بەر لەوەی ماوەی مۆڵەتی ئێستاتان تەواو ببێت داواکاری نامە پێشکەش بکەن.** بۆ نمونە ئەگەر لە 30 ی ئابی 2005 دا دۆخی پەنابەریتان وەرگرتبێت ئەوا لە 30ی ئابی 2010 دا کاتەکەی بەسەر دەچێت وە دەبێت لە نێوان رۆژانی دووەم تا سێیەمی ئابی 2010 دا داوانامەی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی خۆتان بنێرن. بەڵام نابێت داواکاری خۆتان زووتر لە 28 رۆژ پێش کۆتایی پێهاتنی مۆڵەتی ئێستاکەتان بنێرن.

**ئەگەر ناتوانن فۆرمەکە لەکاتی خۆیدا بۆ UKBA بنێرنەوە، دەتوانن لە کاتی دیاریکراودا نامەیەک بنوسن و تێیدا رابگەیەنن کە فۆرمەکە درەنگتر دەنێرنەوە؛ تەنانەت ئەگەر تاکو ئەو کاتە کاتی ناردنی فۆرم بەسەرچووبێت. ئەم نامەیە وەکو داواکاریی ئێوە لەبەرچاو دەگیرێت.**

تکایە سەرنج بدەن کە نەناردنی فۆرم یان نامە پێش کۆتایی پێهاتنی ماوەی مۆڵەتی کاتیی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەری ئەوە هەیە دوچاری گەلێک کێشە ببن؛ لەبەر ئەوەی کە مافی وەرگرتنی قازانجەکانی ئاسوودەیی و خانووبەرە لە دەست دەدەن.

### چۆن دەتوانم داوای نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی بکەم؟

دەبێت فۆرمێکی تایبەت بە ناوی **SET (Protection Route)** پربکەنەوە. دەتوانن ئەم فۆرمە لەو ناونیشانەی خوارەوە دابگرن:
http://www.ukba.homeoffice.gov.uk/settlement/applicationtypes/completing_set_protection_route/
تکایە پێش پرکردنەوەی فۆرمی داواکاریی یادداشتە رێنوێنەکانی هاوپێچکراوی بخوێننەوە. فۆرمی داواکاریی و یادداشتەکانی رێنوێنی بەتەنیا بە زمانی ئینگلیزی نوسراون. دەتوانن فۆرمی داواکاریش لە ناوەندی خزمەتگوزاریی یەک وێستگە (One Stop Services) کە لەلایەن دامەزراوەیەکی خێرخوازەوە وەک ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council) هەڵدەسورێت وەرگرن.



British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom

## چ بەڵگە/زانیارییەک دەبێت پێشکەش بکەم؟

ریزبەندی بەڵگەکان و ئەو دۆکومێنتانەی تر کە دەبێت پێشکەشی بکەن لە فۆرمی داواکاریدا هاتووە. دەبێت بەڵگە ئەسڵییەکان لەگەڵ شرۆڤەیەک لەوە و هەروەها وەرگێرانی ئینگلیزی ئەوە (ئەگەر ئینگلیزی نەبێت) پێشکەش بکەن. زۆر گرنگە کە کۆپی بەڵگە فەرمییەکەتان وەکو بەڵگەی بارودۆخی کۆچبەریی لەلای خۆتان بپارێزن. لەوە دڵنیا ببنەوە کە داواکاری نامەکەتان تەواوە.

UKBA پێویستی بەردەوامی ئێوە بۆ پشتگیری دەپشکنێت و ئەگەر کارێکتان کردبێت کە دەتوانێت تازەکردنەوەی مۆڵەتەکەی ئێوە بەتاڵ بکاتەوە یان نیشتەجێ بوونی ئێوە هەڵوەشێنێتەوە سەبارەت بەوانە کاری پێویست جێبەجێ دەکات، بۆ نموونە ئەگەر سەرپێچی تاوانکارانەتان ئەنجام دابێت یان بۆ وڵاتێ کە لەوێدا ئازار و ئەشکەنجە درابوون سەفەرتان کردبێت. ئەگەر لەسەر بارودۆخی خۆتان نیگەرانن دەبێت راوێژی یاسایی وەرگرن.

## چ کەسێک دەتوانێت لە پرکردنەوەی فۆرمی داواکاریدا یارمەتیم بدات؟

ئەگەر پێویستتان بە یارمەتی هەبوو دەتوانن لە رێگای پەیوەندی کردن بە خزمەتگوزاریی ئامۆژگاری یاسایی کۆمەڵایەتی (Community Legal Advice) بە ژمارە تەلەفۆنی 4345 345 0845 پارێزەری یاسایی بدۆزنەوە و ئەو دەتوانێت ئێوە بنێرێت بۆ لای رێکخراوەیەک یان نوێنەرێکی یاسایی. پارێزەریی یاسایی ئێوە دەبێت لە رێکخراوەیەکی سەر بە کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاریی یاسایی (Legal Services Commission) لە یاسای کۆچبەریدا بێت یان لە راوێژکارانی یاسایی نووسینگەی کۆمیساری خزمەتگوزاریی کۆچبەریی ( Office of the Immigration Services Commissioner) (OISC) بێت. دەتوانن پەیوەندی بکەن بە OISC ەوە و ریزبەندی ئەو رێکخراوانەی کە بەپێی یاسا پەنابەری بۆ راوێژکاریی رێگەیان پێدراوە وەرگرن. تەلەفۆن: 0046 000 0845 یان لە رێگای ماڵپەڕی: www.oisc.gov.uk

## داخوا دەتوانم پەنابەری کەسانی ژێر سەرپەرشتی خۆیشم لە داواکاریەکەی خۆمدا بهێنمە ئاراوە؟

دەتوانن بۆ پێشکەش کردنی داواکاریی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی هاوسەر یان منداڵانی خوار تەمەنی 18 ساڵی خۆشتان کە رێکەوتی لەدایکبوونیان پاش وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی کاتیتانە هەر لەو فۆرمە کەڵک وەربگرن. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە هاوسەر و منداڵانێ کە ئیتر لە ژێر سەرپەرشتی کەسێکدا نین دەبێت بە جیاواز داوای نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی بکەن.

## چۆن داواکاریەکەی خۆم بنێرم؟

دەبێت فۆرمی داواکاریی و هەموو بەڵگە پێویستەکان لە رێگای **پۆستی تۆمارکراو (registered post)** بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن:

**UK Border Agency, SET (Protection Route) Applications, Dept 21, PO BOX 306, Liverpool L2 0QN.**

تکایە لە فەرمانگەی پۆست بپرسن کە چۆن دەتوانن نامەکەتان لە رێگای پۆستی تۆمارکراوەوە بنێرن. کاتێک UKBA فۆرمەکە وەرگرێت، لە ماوەی حەوت رۆژی کارکردندا ئاگادارییەک وەکو پەڕاوەی وەرگرتن بۆ ئێوە دەنێرێت.

## کاتێک دەرەنجامی داواکاریەکەم روون ببێتەوە چ روودەدات؟

کاتێک دەرەنجامی داواکاریەکەی ئێوە روون ببێتەوە نامەیەک بە پۆستی تۆمارکراو لەلایەن UKBA ەوە بۆ ئێوە دەنێردرێت. ئەگەر داواکاریەکەی ئێوە پەسەند کرابێت UKBA بەڵگەیەکی نیشتەجێ بوونی نوێ لەگەڵ مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیتان بۆدەنێرێت.

## داخوا پێشکەش کردنی داواکاریی تێچونێکی هەیە؟

ئەگەر لە رێگای Form SET (Protection Route) ەوە داواکاریەکەی خۆتان پێشکەش بکەن تێچوونێک (خەرجییەک) ی نابێت.

## ئەگەر لەکاتی خۆیدا داواکاریەکەی خۆم پێشکەش نەکەم چ روودەدات؟

ئەگەر داواکاریەکەی خۆتان درەنگ بنێرن، UKBA زۆر سەختگیرانەتر مەرجەکانی ئێوە لێکدەداتەوە. ئەو داواکاریانە کە درەنگ دەگەن دانە دانە دەپشکندرێن. ئەمە هەندێ جار رەنگە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی

نیشتەجێ بوون و دەرکردن لە بەریتانیا. زۆر گرنگە کە داواکاریەکەی خۆتان پێش کۆتایی پێهاتنی ماوەی مۆڵەتی ئێستاکەی خۆتان و نەک زووتر لە 28 رۆژ پێش بەسەرچوونی ئەوە بنێرن.

## ئەگەر قەت داواکاریی پێشکەش نەکەم چ روودەدات؟

ئەگەر لە کۆتایی ماوەی مۆڵەتی پێنج ساڵەدا بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی دەست بەکار نەبن، UKBA دۆسیەکەی ئێوە زۆر سەختگیرانە دەپشکنێت و ئەوە رەنگە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دۆخی پەنابەری ئێوە.

## ئەگەر داواکاریەکەم پەسەند نەکرێت چ روودەدات؟

ئێوە ئەو مافەتان دەبێت کە لەسەر ئەم بڕیارە داوای پێداچوونەوە بکەن و ئەگەر بەپێی پەیمانی ئەوروپی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ (European Convention on Human Rights) مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی هەمیشەییتان هەبێت UKBA داواکاریی پێداچوونەوەکەی ئێوە دەپشکنێت.